Sorani
Trygga människor vågar

# مرۆڤی دڵنییا دەوێرن

**ڕۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکە لاببەین، خراپتری بکەین؟**

هەموو کەسێك لە ئێمە دووچاری نەخۆشیی یان بێکاریی دەبێت. هەموومان پیر دەبین و هەندێك جار خێزان گەورە دەبێت. لەبەرئەوە ئێمە لە سوێد بیمەی دڵنیایی (trygghetsförsäkringar) هاوبەشمان هەیە. ئەمە لە کاتی ئەوەی کە پێی دەگوترێت نەمانی داهات (inkomstbortfall) دڵنیایی ئابووریمان دەداتێ. واتە کاتێك کە ئێمە لەبەر هۆی بێکاریی، نەخۆشیی و زیانی کارەوە، یاخود لە کاتی چاوەدێریی منداڵی ورد یان منداڵی نەخۆشکەوتوودا، ناتوانین کار بکەین. ژیان دەگۆڕێت و هەندێك جار گۆڕانکاریەکە وا دەکات کە مرۆڤ پێویستی بە یارمەتی دەبێت.

ئێمەی سۆشیالدیموکرات پێمان وا نییە ئەوی کە تووشی نەخۆشیەك بێت یاخود لەبەرئەوەی شیرکەتێك دادەخرێت ناچار بێت خانووەکەی بفرۆشێت. نابێت هەروەها منداڵ ناچار بکرێت واز لە چالاکیەکانی کاتی ئازادی خۆی بهێنێت لەبەرئەوەی یەکێك لە دایکوباوکی دووچاری بێکاریی یان نەخۆشیی دەبێت. لەبەرئەوە پێویستمان بە بیمەی دڵنیایی ڕەوا هەیە کە پارێزەیەکی داهاتی باش لە کاتی نەخۆشکەوتن، بێکاربوون، لەسەر کار زیان لێکەوتن و لە کاتی وەرگرتنی پشووی دایکوباوکایەتیدا، دەدات. ئەمە دڵنیاییەك بۆ هەر کەسێك فەراهەم دەکات، بەڵام هەروەها بۆ هەموو خێزانەکانیش. ئەمە وا دەکات کە ئێمە بوێرین گرەو لەسەر خوێندنێکی نوێ، گۆڕینی خانووبەرەیەك، دروستکردنی خێزان یان کردنەوەی شیرکەتێك بکەین. هەمووان بەمە دەیبەنەوە. مرۆڤی دڵنییا دەوێرن.

مۆدێلی سوێدی ئێمە لەسەر ئەو بناخەیە دامەزراوە، کە کاتێك کارمان هەیە و تەندروستین، هاوپشتین لەگەڵ ئەوانەدا کە لەو کاتەدا کۆمەکی کۆمەڵگایان پێویستە. کاتێك کە ئێمە تەندروستین و کارمان هەیە بەشێك لە داهاتەکەمان دەدەین بەو بیمە هاوبەشانە، کە یارمەتیمان لێیانەوە دەست دەکەوێت گەر ژیانمان بگۆڕدرێت – ئەگەر کارمان لە کیس بچێت یان نەخۆش

بکەوین. ئەمە وا دەکات کە سوێد هاوپشتتر بێت، و دڵنیاییەکی بەکارتر دەدات کە هەمووان خەرجیەکەیان پێ هەڵدەگیرێت.

بیمەکانی دڵنیایی (Trygghetsförsäkringarna) ئێمەیەك کە لە سوێد دەژین دڵنییا، بەهێز و بوێر دەکەن. پێکەوە سوێد دەکەین بە هێزێکی خاوەن کێبڕکێ و بۆ جیهان ئاوەڵە. ئەمە پێشمەرجی ئەو ئاستە بەرزەی ژیانمان و سیستەمی خۆشگوزەرانیمانە. دڵنیایی و گەشەی کەسیی دەبێتە مایەی گەشە و خۆشگوزەرانیی نەتەوەیی. بیمەکانی دڵنیایی لەبەرئەوە بەشێکی گرینگن لە مۆدێلی خۆشگوزەرانیی سوێدی. ئەم بیمانە دڵنییایی دەڕەخسێنن و هەلومەرج بۆ گەشە، پێشکەوتن و کاری نوێ فەراهەم دەکەن.

## بەدیل (ئەڵتەرناتیف)

هاوپەیمانێتی بەرەی ڕاست کە مۆدێراتەکان ڕابەرایەتی دەکەن دژ بەو باوەڕەمان وێستاون کە دەڵێین مرۆڤی دڵنییا دەوێرن، و ئەوان خاوەن ئەو باوەڕەن کە گورگی برسی باشتر ڕاوی پێ دەکرێت. مۆدێراتەکان دەیانەوێت ئەو پارێزەیە خراپ بکەن کە سیستەمی دڵنیایی دەیدات لەو ڕێگایەوە کە ئاستی مووچەی قەرەبوو کەم بکەنەوە، ڕۆژە نەخۆشیی بێپارە (karensdag) زیاد بکەن و بڵێن نەخێر بۆ بەرزکردنەوەی میچی مووچەی قەرەبوو.

ئەمە بەو مانایە دێت کە ئەو پارێزە ئابووریەی بۆ کاتی بێکاربوون، پشووی دایکوباوکایەتی، نەخۆشیی، کاتی زیانی کار یان چاوەدێری منداڵ هەیە، بە توندی خراپ دەکرێت. زۆر کەسی نەخۆش و بێکار ئەمڕۆ هەر ئێستا لە ئاستێکی زۆر جەڕێندراودا دەژین. چۆن هاسانتر دەبێت بۆ ئەو کەسەی کە بە دژواری نەخۆشە یان بێکارە کە بگەڕێتەوە سەر کار ئەگەر مووچەی قەرەبووەکە وا بە توندی بهێنرێتە خوار کە خێزانەکە ناچار بێتماڵی خۆی بەجێبهێڵێت؟

مۆدێراتەکان پارتی هێنانەخوارەوەی مووچەن. لەو ڕێگایەوە کە مووچەی قەرەبووی بێکاری (a-kassan) و مووچەی قەرەبووی نەخۆشی کەم بکرێتەوە مۆدێراتەکان دەیانەوێت بازاڕێکی کاری نزم مووچە دابمەزرێنن. ئەو کەسەی کە نەخۆش یان بێکارە دەبێت مووچەیەکی قەرەبووی وا نزم وەربگرێت کە ناچار بێت کاری نزم مووچە بکات کە ناکرێت لەسەری بژی. ئەمە لە درێژخایاندا دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی مووچە بۆ هەمووان. ئەمە فەنەرێکی بەد دروست دەکات. کاتێك کە خەڵکانێکی زیاتر و زیاتر مووچەی خراپ وەردەگرن، داوا بۆ بەرهەم لە کۆمەڵگادا کەم دەبێتەوە و باری ئابووری خراپتر دەبێت.

ئایا نزمکردنەوەی مووچە ڕێگایەکی دروستە بۆ سوێد کە لە ئاستی جیهاندا کێبڕکێ بکات؟
ئێمەی سۆشیالدیموکرات بڕوامان بە زانست و توانست هەیە، نەك بە دڵنیایی خراپتر و مووچەی نزمتر. کاتێك کە پلەی گەشەی سوێدی لە ڕادەی تێکڕایی یەکێتی ئورووپا بەرزترە، کە ستانداردی ژیانمان بەردەوامە لەسەر بەرزبوونەوە و کە سیستەمی خۆشگوزەرانیمان بە

Sorani
Trygga människor vågar

ڕاستی لە پلەی جیهاندایە، بەو مانایە دێت کە مۆدێلی سۆشیالدیموکراتیی سەرکەوتووە.

بیمەکانی دڵنیایی بەشێکی گرینگن لە ڕوونکردنەوەی سەرکەوتنەکانی سوێد و لە مۆدێلی خۆشگوزەرانی سوێدیی. ئەو بیمانە مایەی دڵنیایین. بارودۆخ بۆ گەشە، پێشکەوتن و کاری نوێ دەرەخسێنن.

لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟